# جبريل -عليه السلام- بەردەوام ئامۆژگاری و وەسیەتی دەکردم سەبارەت بە دراوسێ؛ هەتا گومانم وابوو کە دەیکات بە میراتگریش

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جبريل -عليه السلام- بەردەوام ئامۆژگاری و وەسیەتی دەکردم سەبارەت بە دراوسێ؛ هەتا گومانم وابوو کە دەیکات بە میراتگریش».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە جبريل -عليه السلام- بەردەوام دووبارەی دەكردەوە وفەرمانی پێدەكرد كە گرنگی بەدراوسێ بدات، مسوڵمان یان كافر ، خزم یان بیانی بێت، ئەم گرنگیدانە بە پاراستنی مافەكانی وئازار نەدانی دێتە دی، وهەروەها چاكەكار بوون بەرامبەر وئارامگرتن لەسەر ئازاردانی، تەنانەت بەهۆی زۆری دووبارە وفەرمانكردن لەلایەن جبریلەوە سەبارەت بە ئەم بابەتە ؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی وابوو وەحی دادەبەزێت كە فەرماندەكات بە بەخشینی بەشێک لە میرات بەدراوسێ.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee